جینۆسایدی کورد
لەپرۆسەی ئەنفالدا

بەشدار قاسم

کورد گەلێکی بێ دەوڵەتە لەنیوان تورکیا ،سوریا، ئێران و عێراقدا پەراگەندەبوون. زیاتر لەبیست و پێنج ملیۆن کورد لەناوچەیەکی (٢٠٠) هەزار میلی چوارگۆشەدا نیشتەجێن. کورد لەنێوان دوو فۆرمی ئیسلام، پێنج سنوور و سێ زاراوە و ڕێنوسدا دابەشبوون .زلهێزەکان بەڵێنی دەوڵەتێکی سەربەخۆیان پێدان لەساڵی (١٩٢٢) ، بەلاٚم کاتێك تورکیا رازی نەبوو پەیمانی سیڤەر مۆر بکات ئەو بیرۆکەیە لەیاد کرا. پەیمانی سیڤەر هەمان ئەو بەیاننامەیەی کەتێیدا جیهان دەستەوسانانە داوای دادگایکردنی ئەو تورکانەی دەکرد کەلە ڕەشە کوژی ئەرمەندا بەشدار بوون. کوردەکانی عێراق بەدرێژایی سەدەی بیستەم لەسەرهەڵدانی بەردەوامدا بوون بەو ئومێدەی مافی خودفەرمانرەوای بەدەست بهێنن ، لەکاتێکدا دانیشتوانی نیگەرانی شیعە لە نیوە زیاتری دانیشتوانی عێراق پێکدەهێنن ، سەدام حوسەین بەتایبەتی لێبراو بوو بۆ ئەوەی داوای کورەکان بۆ ئۆتۆنۆمی نەهێڵێت[1].

بەدرێژایی مێژوو کورد لەهەر چوار پارچەکەی کوردستان توند و تیژی کراوەتە سەریان و جینۆساید کراون . توند و تیژتریمیان شالاوی عێراق لەدژی کوردی گوند نشین، کەلەساڵی ١٩٨٧دا دەستی پێکرد و بەئەنفال کۆتایی پێ هات لەساڵی ١٩٨٨ دا لەپانتایی و وردبینیدا شتێکی نوێ بوو، هاوکات توندو تیژترین بەرجەستەکردنەوەی هەوڵە لەمێژوویەکانی دەوڵەتی عێراق بوو بۆ سەرکوتکردنی کورد [٢].

هەر لەدروستبونی دەوڵەتی عێراقەوە لەساڵی ١٩٢١، پاش لکاندنی خواروی کورستان پێوەی ، کێشەی کورد بەردەوام کێشەی سەرەکی عێراق بووە، رژێمە یەك

لەدوای یەکەکانی عێراق نکوولیان لەمافی گەلی کورد لە دیاریکردنی چارەنوسدا کردووەو سیاسەتی دژ بەمەسەلەی نەتەوایەتی گەلی کورد بەرنامە ڕێژ کراوە، هەر بۆ جیّ بەجێکردنی ئەو سیاسەتەش ئەندازەی تاوانی ئەو ڕژێمانە گەیشتبووە پلەیەکی بەرزو لەهیچ ڕوویەکیشەوە سلّ نەکراوەتەوە، بۆیە کەبەوری سەیری جۆری ئەو تاوانانە دەکەین، پێکهاتەی تاوانی جینۆساید بەتەواوی دیارە[٣].

پرۆسەی ئەنفالکردنی خەڵکی کوردستان و کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهید و دەوروبەری و دڕندانەترین جۆری تاوانی جینۆسایدن کە ڕژێمی ڕەفتار فاشستی بەعسی روخاو بەبەرنامە و پلان و بەقەدەغەترین لەیاسای نێو دەوڵەتاندا دەیویست گەلی کورد قڕ بکات و مۆرکی نەتەوایەتی بسڕێتەوە، کەسەرەتای پیلانەکانی لەهەردوو گەورە تاوانی جینۆسایدی ئەنفال و کیمیابارانی هەلەبجەوە لەساڵی ١٩٨٨ دا بەدەر دەکەوێت کەبەزەقی جینۆسایدی لەکوردستانا پراکتیزەکرد، لەو نێوەندەدا نزیکەی (١٨٧٠٠٠) کوردی بیّ تاوانی تێدا بوبەقوربانی سیاسەتەکانی رژێمی بەعسی روخاو، لەگەڵیدا جگە لەوەی ژمارەیەکی زۆریش تێدا بریندار کرا، بەهەمان شێوە سنورێکی بەرینی خاکی کوردی تێدا وێرانکرا خەڵکەکەی ڕەوانەی ئۆردوگا زۆرە ملێکان کرا، دارو دارستان و زەوی و زاری خەڵکی تێدا بەتالاّن برا[٤] .

جگە لەمانەش دامودەزگاکانی نهێنی عیراق خوێنیان لەگەنجەکوردەکان دەردەهێنا بۆ بریناریەکانی شەڕی (عێراق ئێران) بەپێی دیکۆمێنتی ژمارە (١٦٠) لە ١٩٨٩/٢/١٠ لەبەڕێوەبەری مخابەراتی پارێزگای تەئمیم ، ناوی سیانی ١٨ کچ تۆمار کراوە کەنێردراون بۆ بەڕێوەبەرایەتی مخابەراتی گشتی، تەمەنی کچەکانیش لە ١٤-٢٩ ساڵەو بۆ ئەوەی بەپێی فەرمانەکانیان بنێردرێن بۆ نادیە شەوانەکانی کۆماری میصری عەرەبی، چەندان لێپرسراوی بەعس لەدام و دەزگاکانی ئەمن و ئیتخبارات و سوپا، چەندان کچی کوردیان لەزیندانەکانی تۆپزاوە، بس،تکریت، نوگرەسەلمان ، هەڵبژاردووە وەك کۆیلە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کردون هەم خزمەتی کۆشکەکانیان پێکردون و هەم مەرامەکانی خۆیان پیّ تێر کردوون، پیاوەپیرەکانیان لەزیندانی نوگرەسەلمان بەند کرد چەندان کەسیان بونە خۆراکی سەگ و جانەوەرەکانی بیابان، سەدان هەزار لەژن و منداڵ و گەنج گوللە باران کران و لەحەزەرو بیابانەکانی ناوەراست و خواروی عێراق بەشۆفلّ کران بەژێر گڵەوە[٥]. هەر لەو بارەیەوە (قەدریە محمد) کەشەش مانگ لەگرتوخانەی دبس

بەخۆی و منداڵەکانیەوە گیرابوون، باسی لە مەرگەساتی ئەو ماوەیەی کرد کە لە(دبس) مابونەوە، ئەوەشی ووت کاتێك لادێکەی خۆیان راگوێزران هەموویان لەقایمقامیەتی چەمچەماڵ کۆکردنەوە کە سێ شەو لەوێ مابونەوە، دەڵێت لەماوەی ئەو سێ شەوەدا دڕندەکانی بەعس هەرکچێکی جوانیان بەدڵ بوایە لەگەڵ خۆیاندا دەیانبردو لەئێمەیان جیا دەکردەوە. هەروەها لەبارەی کەس و کارەکەیەوە ووتی پیاوەکەم و برایەکم و برازایەکم و چەندین کەس و کارم ئەنفال کراوە ، ئەمە جگە لەماڵ و سامان [٦].

ئەم پرۆسەیەش ئەو کاتە گەیشتە لوتکە کە ڕژێمی بەعس بێ سڵەمینەوە دەستی بۆ جینۆسایدکردنی کۆمەڵگای عێراقی برد پێدەچێ بەلایەنی کەمەوە رژێمی بەعسی هەڵوەشاوە لەسەرەتای ساڵەکانی هەفتاوە ئیتر پلانی بەدەستەوە بوبێت بۆ مەبەستی پاکسازی کردن، بەتایبەتی کاتێك خودی صدام دەسەلأتی گرتە دەست لە نێو ئۆرگانە بەهێزەکانی حزبدا . ئیتر بەیەکجاری ستراتیژی سیاسی بەعس و رەهەندە گشتی یەکانی ئەو پلانەی کە ئاماژەیان بۆ کرد بەباشی بەدیار کەوتوو بووە پلانی پلەیەك [٧] .

زنجیرە هێرشی ئەنفالەکان، پێشتر نەخشەی بۆ کێشرابوو واتە لە چوارچێوەی سیاسەتێکی دیاریکراودا بەشێوەیەکی سیتماتیك تاوانەکان ئەنجام دران ، ئەوەش جینۆساید لە تاوانی دیکە جیا دەکاتەوە , مەبەستی فەوتاندنی سەراپاگیری هەبووە، ئەو فەوتاندنە بەچەند جۆرێك ئەنجامدرا .

١- بەشێوەی نەهێشتنی فیزیکی، واتە سەپاندنی مەرگ بەهەر جۆرێك بێت .

٢- بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و فسفۆری جگە لەوەی دەبێتە هۆی کۆمەڵکوژی مرۆڤ، دەبیتە هۆی قڕ کردنی ئاژەڵ و باڵندەو ژەهراوی کردنی ئاووهەواو کەرەستەکانی ژیان.

٣- وێرانکردنی ناوچەکانی کوردستان، دێهات و شارۆچکەو، وێرانکردنی باغ و بێستان و سەرجەم سەرچاوەکانی ژیان .

٤- راگواستن لەدوای دیل کردن ودەست بەسەراگرتنی خەڵکەکەو پاشتر بەکۆمەڵ کوشتنیان.

٥- ویرانکردن و راگواستن ەبنە هۆی هەڵتەکاندنی ستراکتوری ئاسایشی ژیانی خەڵکی کوردستان . بنەمای ئابوری وێران دەبێت و پێوەندیە کۆمەلأیەتیەکان تێکدەچن.

٦- لەئەنجامی ئەو کارانەوە بارو زروفێکی نائاسایی دروست دەبێت کەئەنجامی گەلێك خراپ و درێوی لەسەر مرۆڤ دەبێت و بەتایبەتیش هۆی شێواندنی باری سایکۆلۆژی خەڵك و تێکدانی بیرو هۆش [٨].

دەرکردنی بەزۆر، بۆیە پێی دەڵێن دەرکردنی بەزۆر، لەبەر ئەوەی بەردەوام ڕژێم ئەو خەڵکانە لەبەردەم دوو ئەگەردا ڕادەگرێت.

ئەگەری یەکەم: ئەوە دەرکرنی بێ کۆت و مەرج و دەستگیرکرن بوو بەسەر سەروەت و سامان و خانوو زەویدا .

ئەگەری دووەم: هەڵگرتنی ناسنامەی عەرەبی بوو یاخۆکردنە عەرەب. ئەگەر ملکەچی یەکێك لەم دوو ئەگەرانە نەبویتایە کەهەر دەبوو ببیت ئەوا توشی لێدان و سزاو زیندانی کردن و سوکایەتی دەبیتەوە ، زۆربەی ئەوانەی کەدەرکران بەتایبەتی لەساڵی (١٩٨٨) بەدواوە، سەرەتا توشی گرتن و سزادان دەبونەوە، محمد کریم ئەمین: لەدایك بووی ساڵی ١٩٤٣ دا دەڵێت : ئێستاش سەرم شوێن قۆناغە تفەنگی ئەمنەکانی پێوە دیارە .[٩]

لەلایەکی ترەوە، مەودای مەبەستەکان ڕژێمی عێراق ، بەدڕندەیەکی ئاشکراوە لە سێ ئامۆژگاریدا کە بیرۆی المجید لە جونی ١٩٨٧ دا، دەری کردووە، بەڕێژەی ئاشکراوە قەدەغەکردنیان لەسەر هەموو ژیانی مرۆڤ لەناوچە دەست نیشانکراوەکانی دێهاتی کوردستان کەزیاتر لە هەزار گوند دەگرێتەوە داناوە، بەپێی فەرمانی (تەقە بکە بۆ ئەوەی بکوژیت) وە جێ بەجێ دەکرێت ، و بۆئەوەش ئاگادارکردنی هیچ دەسەڵاتێکی سەرو تر پێویست ناکات .

یەکەمیان ، ئامۆژگاری شخصی یە، ژمارەکەی ٣٦٥٠/٢٨، علی حسن المجید خۆی لە بەرواری ٣ی جونی ١٩٨٧ دا ئیمزای کردووە ، ئەم ئامۆژگاریە بۆ دەزگا سیڤیل و عەسکەریەکانی نێردراوە ، دەقەکەش ئەم خاڵانەی خوارەوە یە .

١- بەتەواوی قەدەغەیە کە هەموو خواردەمەنیەك، یان خەڵك یان ئامێر بگەنە ئەو گوندانەی کەلەبەر هۆی ئەمنی قەدەغەکراون، کە لەقۆناغی دووەمی گوند کۆکراوەکاندان. هەر کەسێکیش بیەوێت بێتەوە، ڕێگەی پێ ئەدرێ بگەڕێتەوە ڕیزی نیشتمانی، بە هیچ

شێوەیەك ڕێگە نارێت بەکەس وکاریان پەیوەندیان پێوە بکەن، تەنها بە ئاگاداری دەزگا ئەمنیەکان نەبێت .

٢- بوونی ئەو خەڵکانەی لە قۆناغی یەکەمدا ڕاگوێزرابوون لەناو ئەو ناوچانەی کەلەبەر هۆی ئەمنی قەدەغە کراون ، بەتەواوی قەدەغەیە .

٣- ئەوەی پەیوەندی بەدروێنەوە هەیە! پاش کۆتایی زستان کە پێویستە پێش جوڵای تەواو بێت، کشتوکاڵکردن (لەناوچەکەدا) لەزستانی داهاتوو وەرزەکانی هاویندا ڕێگەی پیَ نادرێت، ئەمەیش لەم ساڵەوە دەست پیَ دەکات .

٤- مێگەل بردن بۆ لەوەڕگا لەم ناوچانەدا قەدەغەیە .

٥- پێویستە هێزە چەکدارەکان بەپێی ئەو دەسەلاّتەی هەیانە، هەر مرۆڤێك یان ئاژەڵێك لەم ناوچانەدا هەن، بکوژن . ئەم ناوچانە بەتەواوی قەدەغەن .

٦- بەم بڕیارە ئەو کەسانەی کە ڕاگواستن بۆ ئۆردوگاکان دەیانگرێتەوە، ئاگادار دەکرێنەوە و گەر هەر سەرپێچیەکیش بکەن، واخۆیان تەحەمولی هەموو بەرپرسیارێتیەك دەکەن[١٠] ، بەلاّم گرنگترینی هەموو دۆکۆمینتەکان ، ئەوە بوو کە لە ٢٠ی جونی ١٩٨٧دا دەرکرا ئەم بڕیارە، فەرماندەیی بیرۆکەی باکور بە ئیمزای (علی حسن المجید) دەریکردووە و سەرەرای ئەوەش، مۆری کۆمیتەی کارو بارەکانی باکوری ئەنجومەنی سەکرایەتی شۆڕشی لێد راوە، لە ژێر کۆدی س.ف /٤٠٠٨ دا بریارەکانی ٣ی جونی لەزۆر رووی گرنگەوە و فراوان کردووە .لەوانە هاندانێکی راستەوخۆ بۆ تالاّنکردن، بەپێشلکرنی ئاشکرای یاساکانی جەنگو، پیادەکردنی ئاشکرای سیاسەتی کۆمەڵکوژی، کەلەبەرزترین ئاستەکانی ڕژێمی عیڕاقەوە فەرمان دراون، لەناو ئەو دۆکۆمێنتەی رەسمیانەی کەبە درێژایی ساڵی ١٩٨٨ هەمیشە ئاماژەیان بۆ کردووە، شتێکی ئاشکرایە کەبریاری ٤٠٠٨ وەك فەرمانێکی نەگۆڕ هەر لەکارا بووە بۆ هێزە چەکدارەکانی عێراق و دەزگا جاسوسیەکانیش، لەماوەی کامپەینی ئەنفال و پاش ئەنفالیشدا. بۆنموونە نامەیەکی ئەمنی سلێمانی لەبەرواری ٢٩ ی ئۆکتۆبەری ١٩٨٨دا ، ئاماژە بۆ بریارەکە ئەکات وەك بنچینەیەك بۆ ((گوللەبارانکرنی ١٩ تاوانبار، کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیەکەوە گوللەباران کران بەهۆی بونیان لەگوندە قەدەغەکراوەکاندا [11]..

دەقی بەڵگەنامەی دووەم

نەتەوەی عەرەب یەكێكە خاوەنی پەیامێكی نەمرە.

حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالست .

سەركردایەتی نوسینگەی ڕێكخستنی باكور

نوسینگەی سكرتاریەت

ژمارە / ٥٠٨٣ بەروار:١٩٨٧/٧/١٢

نهێنی و تایبەت

بابەت / ئیعدامكردنی تاوانبارێك

سلاّوێكی هەڤالاّنە :

نوسراوێكی نهێنی و تایبەتتان ٣٥٢ لە ١٩٨٧/٧/٨ رەفیق علی حسن ئەلمەجید – بەرپرسی نوسینگەی باكور بەم جۆری وەلاّمی نوسراوە كەتانی دایەوە (هیچ لاریمان نییە لەسەر بڕینی خیانەتكاران، بەلاّم باشتر وابوو بتاننارایە بۆ ئەمن ، تاكو ئەوانیش لێكۆڵینەوە یان لەگەڵدا بكردایە لەوانەیە هەندێ بابەتیان پێش لە سێدارەدانیان لێوەر بگیرایا [١٢]

تكایە بۆ ئاگاداریتان ....

لەگەڵ ڕێزماندا ....

وێنەیەك بۆ

– سەركردایەتی لقی رەشیدی سەربازی

– بەڕێوەبەرایەتی ئیستخباراتی گشتی

تاهیر تۆفیق

سكرتێری لیژنەی

كاروباری باكور

دەقی بەڵگەنامەی سێهەم كە ڕوی دزێوی عەلی كیمیایی زیاتر ئاشكرا دەكات ئەمە دەقەكەیەتی وێنەیەكی نوسراوی سەركردایەتی نوسینگەی ریكخستنی باكوور .

ژمارە ٢٧١٤/١ لە ١٩٨٧/٤/١٠

بەپشت بەستن بەو سەلاّحیەتەی كەدراوە بە ڕەفیق عەلی حسن المجید ئەندامی قیادەی قوتری و راگری نهێنی سەركردایەتی نوسینگەی ڕێكخستنی باكوور، بەڕێزتان بریارتاندا گوێ لەو شتانە نەگیرێ كەلەلایەن خەڵكی گوندی قەدەغەكراوەكان و ئەو

شكاتانەی كەتایبەتن بەتێكدەران یا جۆرەكەشی هەر چیەك بێت و ئەو شكاتەشی كەپێشتر بەرز كراونەتەوە رابگیرێت .تكایە ئاگاداربن و كاری پێویستی بۆ بكەن … هەربژین بۆ خەبات.

الرفيق/ راضي حسن سلمان

جێگری راگری نهێنی

سەركردایەتی نوسینگەی باكوور

بسم الله الرحمن الرحيم

بەڕێوەبەری ئەمنی سلێمانی

ژمارە /ش ٣ /٣١٣١ بەروار / ١٩٨٧/٥/١٠

بۆ هەموو بەڕێوەبەرایەتیەكانی ئەمن و ئەمنی چەمچەماڵ

ب/ گوێنەگرتن لەشكات .

لەسەرەوە وینەیەكی نوسراوی نوسینگەی ریكخستنی باكوور كەزۆر نهێنییەو تایبەتە و ژمارەی ٢٧١٣/١ لە ١٩٨٧/٤/١٠ و بەنوسراوی پارێزگای سلێمانی (حوكمی محلی) نوسینگەی تایبەت ٢/٤/٤/١٣٥٢ لە ١٩٨٧/٤/٣٠ بۆتان دەنێرین .تكایە ئاگاداربن و ناوەڕۆكەكەی جێ بەجێ بكەن .

بەڕێوەبەری ئەمنی پارێزگای سلێمانی.[١٣]

بەخوێندنەوەی ئەم بەڵگەنامانە دەردەكەوێت كەئەم فەرمانانە وەك مانیفێستی ئەنجامدانی ئەنفالەكان بوەو وە دیسانەوە ڕەشەكوژیو جینۆسایدی كورد (ئەسەلمێنی).

بەتێڕوانین لەو شیكردنەوانەی خستمانە روو، كە ڕژێمی عێراق لەدژی گەلی كورد پیادەی كرد، پێشێلكردنی تەواوی یاسای نێوەولەتانە. كەواتە سەرجەم تاوانەكانی ڕژێمی عێراق دەچێتە خانەی جینۆسایدەوە. لەبەر گرنگی و پەیماننامەی قەدەغەو سزادانی جینۆسایدی ساڵی ١٩٤٨ چەند مادەیەك دەخەینە روو .

بەندی یەكەم لەپەیماننامەی ساڵی ١٩٤٨ مەبەستی سەرەكی جینۆساید ڕوون دەكاتەوە (دەوڵەتانی ئەندام جەخت دەكەنەوە كە جینۆسا چ لەكاتی ئاشتی و چ لەكاتی جەنگدا بەتاوانێكی نێودەوڵەتی دەژمێردرێت. هەروەها ئەوان بەڵێن دەدەن كەبەر

بەجینۆساید بگرن و ئەنجامدەرانی سزا بدەن[١٤]. بەندی دووەم لە پەیماننامەی ١٩٤٨ جینۆساید ڕوون دەکاتەوە کە (ئەنجامدەرانی تاوانکارییە بەمەبەستی قڕکردنی بەشێك یان سەرجەمی هەر کۆمەڵێکی نەتەوەیی، تەکنیکی، ڕەگەزی یان ئاینی) جا ئەو قڕکردنە یان ئەو فەوتاندنە هەر وەکو لەبەندی دووەمدا دیاری کراوە، بەهەر جۆرێك لەم شێوانەی خوارەوە ئەنجام ئەدرێت .

١- کوشتنی ئەندامانی ئەو کۆمەڵە .

٢- زیان گەیاندن بەلەش و شێواندنی بیری ئەندامانی ئەو کۆمەڵە

٣- بەئەنقەست دانانی ئەو کۆمەڵە لەژێر بارودۆخێکی سەخت دا کە ببێتە هۆی فەوتاندنی هەموویان یان بەشێکیان .

٤- ئەگەر خستنە بەر منداڵ بوون لەو کۆمەڵەدا .

٥- بەزۆر ڕاگواستنی منداڵ لەو کۆمەڵەوە بۆ کۆمەڵێکی تر .[١٥]

بەندی سێیەم ئەم کارانە شیاوی سزادانن .

١- جینۆساید .

٢- پیلان دانان بۆ جینۆساید

٣- بزواندنی ڕاستەوخۆو ئاشکرایانە بۆ ئەنجامدانی کوشتن .

٤- هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.

٥- بەشداری لەکاری جینۆساید [١٦].

تاوانی ئەنفال لە ڕوانگەی یاسای گشتی نێودەوڵەتیەوە ..

ئەو تاوانانەی کە لە پرۆسەکانی ئەنفالدا ئەنجامدران دەچنە چوارچێوەی ئەو تاوانانەی کەلەبازنەی تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی، ئەوەی کە فاتیکان بە (تاوانەکانی دژ بەخوا) ناوزەندی کردووە، چونکە هەڕەشەی مانەوەی مرۆڤ و مافەکانی دەکەن لە ژیان و گەران و ئاسایش، و تاوانی کوشتن و روخاندنی سەرچاوەکانی ژیانی مرۆڤ تێك دەدات و نابێت ئەو تاوانانە بەهیچ شێوەیەك بکرێت لەبەر یاساغبونی لەڕێکەوتننامە نێو دەولەتیەکان و جاری گەردونی مافەکانی مرۆڤ و ڕێساکانی قانونی نێو دەوڵەتی مرۆییوو پرانسیپە گشتی یەکانی قانون لەوانەش ڕێکەوتننامەی زنێڤ و لاهایی و بریارەکانی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان[١٧]

لێرەدا پێویستە باسی تاوانی نیودەوڵەتی بکەین پاشان تاوانی جینۆساید بەتاوانێکی نێودەوڵەتی دیاری بکەین و لەبەر ڕۆشنایی ئەمانەدا تاوانی ئەنفال لە روانگەی یاسای گشتی نێو دەوڵەتیەوە رون بکەینەوە .

تاوانی نێو دەوڵەتی – ناساندنی گشتی :

تیۆری گشتی (لێپرسراوێتی نێو دەوڵەتی تاوان) بەحوکمی ئەوەی هێشتا لەقۆناغی گەلاڵە بوندایە. تارادەیەك زۆرێك لەلایەنەکانی تەم و مژاوین چ لەرووی ئەو لایەنانەوە کە بەپێی ڕێسا نێو دەوڵەتیەکان لێپرسراوێتی تاوان دیاری دەکەن، یاخود لەڕووی ئەو کۆڵەکانەی کە دەبێت لەتاوانە نێو دەوڵەتیە جۆراو جۆرەکان دا هەبن، یان لەرووی تایبەتمەندێتی سەبارەت بە دادگاییی کردنی تاوانکارەکان یاخوود لەرووی دەستپێکردنی ئەو سزایانەی بەسەر ئەو کەسانەدا دەبڕێتەوە، بەلاّم لەم ماوەیەی دوایدا کۆمەڵی نێو دەوڵەتی چەندین هەنگاوی لێبراوانەی لەبواری لێپرسراوێتی نێو دەوڵەتی تاواندا ناوە، چ لەسە ئاستی ڕیساکان یاخوود لەسەر ئاستی ڕێکخستنندا [١٨].

کۆڵەکەکانی تاوانی نێو دەوڵەتی:

بەپێی شیکردنەوەی دکتۆر محمود نەجیب دوسنی، ئەوە هەڵدەهەنجێنین کە تاوانی نێودەوڵەتی چوارکۆڵەکەی هەیە بریتی یە لەمانە .

١- کۆڵەکەی مادی تاوانی نێو دەوڵەتی.

تاوانی نێودەوڵەتی وادەخوازێت کردەوەیەك کرابێت، ئەم کردەوەیەو ئاسەوارەکانیشی کۆڵەکەی مادی تاوانی نێودەوڵەتی پێك دەهێنن .

ئەم کۆڵەکەیەش لە سێ توخم پێك دێت .

کردەوە: ئەو ڕەفتارەیە کەتاوانکار دەیکات لەپێناوی هێنانە دی مەبەستێکی تاوانکارانەدا.

ئەنجام: ئەو دەست درێژییەیە کەدەکرێتە سەر مافێك لەمافەکان، وەك ئاسەوارێکی ئەو کرەوەیەی کەتاوانکار کردویێتی .

پەیوەندی هۆکارانە: ئەو رایەڵەیە لەنێوان کردەوەکەو ئەنجامەکەدایە بەیەك پارچەیی کۆڵەکەی مادی بەدی دێت .

کردەوەکەش مانایەکی فراوان دەگرێتەوە .

٢- کۆڵەکەی مەعنەوی تاوانی نیو دەوڵەتی .

تاوانەکە وادەخوازێت کردنەوەیەك بەو ئاراستەیە کرابێت لەلایەن کەسێکی خاوەن ویست بەپێی یاساکە بەئامێرێکدا ڕۆیشتبێت یاسا پەسەنی ناکات .

٣- کۆڵەکەی شەرعی تاوانی نێو دەوڵەتی .

تاوانی نێودەوڵەتی وادەخوازێت ئەو کردەوەیەی تاوانەکەی لیَ کەوتۆتەوە سیفاتی نارەزایی هەبێت کە خۆی لەدەست درێژی بۆ سەر ڕێساکانی یاسای نێو دەولەتیدا دەبینێتەوە .

٤- کۆڵەکەی نێو دەوڵەتی تاوانی نیو دەولەتی .

ئەم کۆڵەکەیە ئەگەر تاوانی نێو دەوڵەتی ئەنجام درا ئەو کاتە دەست بەردار ئەبێت کە دەست درێژی بکرێت لەسەر بەرژەوەندی یاخود مافێك کەیاسای نێو دەوڵەتی پارێزگاری لیَ دەکات .

بەم پێیەش ئەم کۆڵەکەیە بوونی خۆی لەجۆری ئەو بەرژەوەندی یاخوود مافانەدا دەبینێتەوە کەدەستدرێژیان دەکرێتەسەر[١٩].

لەتاوانەکانی لەناو بردن یاخود لەهەر رووداوێك دا کۆلەکەکانی تاوانی نێودەوڵەتی بەدی بێنن ئەوا کۆمەڵێك ئامانجی لێدەکەوێتەوە .

١) تاوانەکانی لەناو بردن تاوانی ناسیاسین و هەر وولاّتێك لەسەریەتی تۆمەتباران تەسلیم بکات بەمەبەستی دادگایی کردن (واتا بنەمای نەکردنەوەی تۆمەتبارانی سیاسی ناکرێتەوە)

٢) تاوانەکانی لەناو بردن (ئەنفال) لەکوردستان لە جۆری تاوانی نێودەوڵەتین واتە لەجۆری تایبەتمەندی گشتگیرن و بۆ هەر وولاّتێك هەیە کەتۆمەتبارانی ئەو تاوانە دادگایی بکات کاتێك لەسەر خاکەکەی بوو، ئەمە جگە لەتایبەتمەندی ناوخۆیی بۆ لێپرسینەوەی تۆمەتبارانی ئەو تاوانە [٢٠].

٣) هەرگیز نابێت ئەنجام دەری تاوانەکە ببوردرێت تەنانەت ئەگەر لەپۆستی سەرۆك دەوڵەتیش بێت. ئەویش بەپێی ڕێکەوتننامەی سالّی ١٩٧٠ ، بەڵکو دەبێت لەبەردەم دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی تایبەت بەتاوانە نێو دەوڵەتیەکان دادگایی بکرێت، هیچ ئەمنیەت (حەسانە) یەکی یاسایی یان دیبلۆماسی یان دادوەریش بۆ تاوانباری نێو دەوڵەتی نیە .

٤) یاسای نێو دەوڵەتی لەبەرامبەر یاسای نیشتیمانیدا سەرداره، گەر بێتو وێکنەچون لەنێوان هەردوو یاساکەدا هەبێت ئەوا دەبێت ئەو حومانە زاڵ بکرێت کەیاسایی نێودەوڵەتی بریاریان لەسەر دەدات.

٥) نابێت ئەنجامدەری تاوانی نیو دەولەتی مافی پەنا هەندەیی سیاسی پێبدرێت،چونکە کەسێکی سیاسی نیەو تاوانەکەی بەکردەوەیەکی سیاسی دانانرێت و مافی پەنا هەندەی و مرۆییش نایگرێتەوە لەبەر ئەوەی تاوانبارێکی ئاسایی داواکراوەو پێویستە لەبەر دەم یاسادا دادگایی بکرێت لەپای ئەو تاوانەی ئەنجامی داون و دەبێت ئەو سزا عادیلانە وەربگرێت کە بەپێی یاسا شایستەیەتی.[٢١]

٦) یاسای نێو دەوڵەتی لەبەرامبەر فەرمانی سەرۆك سەردارا ، چونکە دەرچونی فەرمانێکی سەرۆك کەبەپێی رێساکانی یاسای ناوخۆ دەبێت گوێرایەڵی بکرێت نابێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی ڕەوایی بەتاوانی نێو دەوڵەتی بدات، لەبەر ئەوەی لەحاڵەتی سەرپێچیکردنی یاسادا گوێرایەڵی بۆ هیچ کەسێك ناکرێت[٢٢]

٧) ئەم تاوانە بەتەقادم ناسڕێتەوە واتە بەتێپەربوونی کات کۆتایی پێ نایەت، ئەوەش بەگوێرەی (عدم التقادم) (بڕیاری ژمارە ٢٣٩١ لە ٢٦/تشرینی دووەمی/١٩٦٨ و لە ١١/تشرینی دووەم خراوەتە بواری جێ بەجێکردنەوە[٢٣].

لەبەر ڕۆشنایی هەردوو نموونەی نۆرن بێرگ و تۆکیۆدا، تارادەیەك زۆر تێگەیشتنی (فقه) و لێك دانەوەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە چوار تاوانی گەورە هەن تەنها یاسای نێودەوڵەتی گشتی سزای بۆ داناون بگرە ئەنجامدەرانیان ملکەچی تایبەتمەندێتی دادوەری نێو دەوڵەتی دەبن، بریتین لەمانە:

١- تاوان لەدژی ئاشتی

بریتین لەم کارانە: نەخشەکێشان، دابین کردنی کەرەسەی شەڕو خۆ ئامادەکردن یان دەستپێکردنی شەڕ یان هەر شەڕێك کەپەیماننامەو ڕێکەوتننامەو ڕاگەیاندنەکانی نێوان دەوڵەتان بشکێنێت یان بەشداربون لەو نەخشەو پلانانەی کەبەمەبەستی ئەنجامدەرانی ئەو کارانەن.

٢- تاوان لەدژی مرۆڤایەتی

بریتین لە:- کوشتن، کۆیلە کردن، ئازاردان، ڕاگواستن، دوورخستنەوەی کۆیلە کردن، تیرۆرو تۆقاندن، گرتنو چەوساندنەوە لەبەر هۆی سیاسی یان ئاینی یان رەگەز جا بەشێوەی کۆمەڵ بێت یان تاك بێت[٢٤].

تاوانی جەنگ :

تاوانەکانی جەنگ بەوە دەناسرێت کە (ئەو کردەوانەن تۆمەتبارەکان ئەنجامیان داوە وەك پێشێلکردنی یاساو نەریتەکانی جەنگو ڕێکەوتننامە نێو دەوڵەتیەکانو یاسا جینائی یە ناوخۆییەکان و بنەما گشتی یەکانی یاسای تاوان کەلەگشت دەوڵەتە شارستانەکان دا دانیان پیادا نراوە) ئەو کردەوانەش لەچوارچێوەی پلان یاخود سیاسەتێکی گشتی دا ئەنجام دەدرێت، ئەم تاوانە لەرووی دەرکەوتنیەوە بەلەپێشترین تاوانی نێودەوڵەتی دادەنرێت، بۆیە ڕەگو ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێساو نەریت (عورف) یانەی کەلەسەدەی نۆزدەیەمدا باوبوو. ئینجا ژمارەیەك ڕێکەوتننامە هەر لەڕێکەوتننامەکانی لاهای ساڵی ١٨٩٩و ١٩٠٧ەوە تا دەگاتە پەیرەوی بنچینەیی دادگای نێودەوڵەتی تاوانی ١٩٩٨ کەتیایدا ڕێساکانی یاسای جەنگ لەگەڵ ڕێساکانی یاسای نێودەولەتی مرۆییدا یەکتر گیربوون لەسیستەمی یاسایی پێکەوە گرێ دراودا[٢٥].

هەروەها بەندی سێ ی هاوبەشی هەر چوار ڕێکەوتننامەی جنێف ١٩٤٩ تایبەت کراوە بەو شەڕانەی کەخەسڵەتی نێو دەولەتیان نییە، واتە لایەنەکانی شەڕ هەر دەولەتان نین، بەڵکو دەوڵەتان لەلایەكو بزوتنەوەی چەکداری ڕزگاریخوازی لەلایەکی ترەوە لەچوارچێوەی ئەو دەولەتەدا کە شەڕی لەگەڵدایە .ئەم بەندەش دانپێدانانی یاسای نێو دەوڵەتانە بە بزوتنەوەی ئەو گەلانەی لەقۆناغی رزگاری نیشتمان دان، کەئەو بزوتنەوانە لایەنن (subiect) لەیاسای نێو دەولەتاندا ، بەتایبەتیش پرۆتۆکۆڵی یەکەمی (١٩٧٧) پاش بەندی ڕێکەوتننامەکانی ژنێف، یەکەم پەیماننامەی نێو دەوڵەتیە کەبەو جۆرە حوکم دەدات دەربارەی کەسایەتی یاسای نێو نەتەوەیی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلان لەپێناو ئازادیدا [٢٥].

هەروەها (ئەنفال) پێچەوانەی بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتوەکان و ئامانجەکانی ئەو ڕێکخراوە دەبێتەوە بەتایبەتی مادەی (١)ی بروانامەکە کەتیایدا هاتووە ،(هاندانی گیانی برایەتی و پێکەوە ژیان لەنیوان نەتەوەکان لەسەر بنەمای یەکسانی و جیاوازی نەکردن لەنێوان یاندا بەجۆرێك کەهەموو گەلێك مافی بڕیاردان و چارەنووسی هەیە [٢٧]

لەم سۆنگەیەوە (ئەنفال) بەتاونێکی نێو دەولەتی دادەنرێت ، بکەرانی ئەو کارەساتە لەرووی یاساییەوە دەبێت روبەروی سزای یاسا بکرێنەوە. بە پشت بەستن بە ماددەکانی

(٦،٧) ی پەیماننامەی نەهێشتنی کۆمەڵکوژی کەتیایدا هاتووە (بەشداران لەکۆمەڵکوژی تایبەتمەندی نیشتمانی یان نێو دەولەتی و کۆمەڵکوژی بەتاوانی سیاسی دادەنرێت [٢٨].

ئەوەی راستی و بەڵگەنامەی جیهانی بۆ مرۆڤایەتی رەوا بینیوە ، لەدژی تاوانی نێو نەتەوەیی ، ئێمە هەوڵمان داوە لایەنە ڕونەکانی بخەینە روو بۆ ئەوەی حوکمی یاسای نێو دەولەتان لەو بارەیەوە لەئاستی میللەتێکی ژێرپێ خراوی وەکو کوردا روون بکەینەوە، بەڵام میکانیزمە جێ بەجێکردنی ئەو حوکمانە ، زۆر جار لەپێناوی بەرژەوەندی و سیاسەتی جیهاندا پێچەوانە دەکرێتەوە، ئالێرەوە ، بەپلەی یەکەم ئەرکی گەورە دەکەوێتە سەر گەلی کورد لە ئیسپاتکردنی واقیعی ژیانی خۆی .

پەراوێزەکان:

١) سەمانا پاوەر .ئەمریکا و ئەنفال، و/ بەختیار کریم/ چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی–٢٠٠٨،ل ١٩

٢) سەمانا پاوەر ، هەمان سەرچاوە ، ل٢٠

٣)د.مارف عومەر گوول،جینۆسایدی گەلی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتاندا، دەزگای ئاراس، چاپی چوارەم ، هەولێر –٢٠٠٧،ل٢٩

٤) فازل فایەق، هەشتاو هەشت زەمەنی پراکتیزەکردنی جینۆساید لەکوردستاندا ،گۆڤاری هەشتاو هەشت، ژمارە (١) ،٢٠٠٤ ،ل ٩١–٩٢ .

٥)عەبدووڵڵا کریم محمود ،ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە ، سێیەمین تاوانی جینۆسایدە لەجیهاندا ، گۆڤاری هەشتاو هەشت ، ژمارە (٧–٨) ،٢٠٠٧ ل ٤٤.

٦) چاوپێکەوتنی توێژەر .

٧) هۆشیار عبدالعزیز ئەنفال لەبەعسدا قسەیەك لەرابردوو، گۆڤاری ئەنفال ژمارە (٢٤)٢٠٠٣ ،ل ١٧٧.

٨) د. مارف عمر گول ، ئەنفال قۆناغێکە لەپراکتیك کردنی جینۆساید ، بڵاوکراوەکانی بەشی روناکبیری ، سلێمانی – ٢٠٠٠ ، ل ٨–٩ .

٩) لەتیف فاتیح فرج، مجید صالح، کورت قران، وەزارەتی رۆشنبیری، چاپی یەکەم، سلێمانی–٢٠٠٣،ل٣٧.

١٠) ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ / خۆرهەڵاتی ناوەراست ، عێراق و تاوانی جینۆساید شاڵاوی ئەنفال دژی کورد ، و/ جمال میرزا عزیز ،چاپی یەکەم ، بەرلین ٢٠٠٠ ،ل ٧٨

١١) ڕێکخراوی چاودێری کافی مرۆڤ / خۆرهەڵاتی ناوەراست ، هەمان سەرچاوە ، ل ٧٩.

١٢) لەتیف فاتیح فرج ،مجید صالح ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٧.

١٣) لەتیف فاتیح فرج ،مجید صالح ،هەمان سەرچاوە ، ل ٥٤.

١٤) ئاکۆ حمە کریم ، جینۆساید و ئەنفال وەك تاوانێکی دژە مرۆڤایەتی صدام و ارو دەستەکەی راپێچی دادگا کرد ، گۆڤاری سەروەری ژ.١٧ ، سلێمانی –٢٠٠٦ ، ل ٥٩ .

١٥) د.مارف عمر گول، ئەنفال قۆناغێکە لەپراکتیك کردنی جینۆساید، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٩-٤٠ .
١٦) ئاکۆ حمە کریم، جینۆساید و ئەنفال وەك تاوانێکی دژە مرۆڤایەتی صدام و ارو دەستەکەی راپێچی دادگا کرد، سەرچاوەی پێشوو ل ٦١ .
١٧) د. مونزر الغەزەل، بەرپرسیارێتی قانونی لەتاوانەکانی ئەنفالدا، و/ ایسماعیل نجم الدین، گۆڤاری هەشتاو هەشت، ژ.٧-٨، سەرچاوەی پێشوو .
١٨) باوکی عمر، تاوانی ئەنفال لەروانگەی یاسای گشتی نێودەولەتیەوە، و/ دلاوەر عوسمان ،گۆڤاری سەروەری، ژ.١٧ ،٢٠٠٦ ،ل ٤٠ .
١٩) باوکی عمر، هەمان سەرچاوە ، ل ٤١-٤٢ .
٢٠) د. مونزر الغەزەل، بەرپرسیارێتی قانونی لەتاوانەکانی ئەنفالدا، و/ ایسماعیل نجم الدین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٣ .
٢١) باوکی عمر، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٤٢-٤٣ .
٢٢) باوکی عمر، هەمان سەرچاوە ، ل ٤٣ .
٢٣) د. مونزر الغەزەل، بەرپرسیارێتی قانونی لەتاوانەکانی ئەنفالدا، و/ ایسماعیل نجم الدین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٤.
٢٤) د. مارف عمر گول ، ئەنفال قۆناغێکە لەپراکتیك کردنی جینۆساید ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٤.
٢٥) باوکی عمر، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٤٣ -٤٤ .
٢٦) د. مارف عمر گول، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٥-٣٦.
٢٧) چێنەر علی جۆلا، زەمینە یاساییەکانی دادگایکردنی ئەنجامدەرانی تاوانی ئەنفال، گۆڤاری هەشتاو هەشت ، ژ.١ ،٢٠٠٤، ل ٩٦ .
٢٨) هەمان سەرچاوە ، ل ٩٦ .